خولی کارگێڕی پێشکەوتوو لەپەیمانگای باڵای پۆلیسی نیشتمانی فەرەنسا

عەقید

باپیر محەممەد عەباس*

لە بەرواری 2006/4/1 دا وەفدی عێراقی کە پێك هاتبوو لە نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق و نوێنەرانی وەزارەتی دادی عێراقو وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق نوێنەریوەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ وولاتی فەرەنسا. پێك هاتبوو لە (33). کەس بەشداربووان (20) ئەفسەری پۆلیس، (6) دادوەر، (2) کەس لەنوێنەرانی ئەنجوومەنی دادگای باڵای عێراقی و،(5) کەس لەنوێنەرانی بەندیخانەکان بەرەو فەرەنسا بە ڕێکەوتن. بۆ خولێك بەناوی (کارگێڕی پێشکەوتوو). لەشاری لیۆن کە دووەم شاری گەورەی فەرەنسایە دوای پاریس. لە خولەکەش (پەیمانگای باڵای پۆلیسی نیشتمانی فەرەنسا) بەڕێوەچوو.. ئەم پەیمانگایە ساڵی (1920) دروست کراوە.لەم وولاتە (22) قوتابخانەی تری پۆلیس هەیە. بەڵام ئەم قوتابخانەیە گەورەترین و پێشکەوتوترینیانە (160) کارمەند کاری تیا دەکەن هەریەکە لەبواری جیاوازدا.

لەبەرواری 4/2 بەگەیشتنمان بۆ ناوپەیمانگاکە کەلەلایەن سەفیری عێراق و گەورە ئەفسەرانی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ پێشوازیمان لێکراوە خولەکە هەمان ڕۆژ کرایەوە بەبەرنامەیەکی پێش وەخت لەلایەن پەیمانگاکەو بەسەرپەرشتینوێنەری یەکێتی ئەورووپا بۆ کاروباری ئیداری وژمێریاری راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکرا بەرنامەکەش بەناوی بەرنامەی (Eujustlex)بۆ مەشق هاوبەشی لەنێوان ئەفسەرانی پۆلیس و دادوەرو نوێنەری بەندیخانەکانی عێراق بەرنامەکە دەرۆشت بەڕێوە.لەسەر بناغەیەك کە ئەو سێ گروپە کاری رۆژانەیان گرێ دراوە بەیەکەوە.

نوێنەری یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ بەرپرسانی عێراق بریاریان دابوو کەبۆ هەرسێ گروپەکەخولێك دابرێژرێ لەبەرئەوە هەرسێ گروپەکە بەیەکەوە خولەکەمان ئەنجامدا وەك یەك گروپی کارکردن سەرەتا خۆناساندنی ئەندامانی وەفدەکە دەستی پێ کرد. ئێمەش وەکو نوێنەری وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کورتەیەکمان دەربارەی دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو دەست کەوتانەی کورد بەدەستی هێناوە لەعێراقدا پەیوەندی ئێمە لەگەڵ مەرکەزو شێوەی کارکردنمان لەوەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان روونکردەوە.

گرنگترین ئامانجەکانی خولەکە

1-بەهێزکردنی توانای کارگێڕی بۆ فەرمانبەرە پلەبەرزەکان و پێش کەوتووەکان ئەوانەی کەلە پلەو پایەی بەرزی کارگێڕیدان بۆ ئەفسەرانی پۆلیس و دادوەران.

2-باشکردنی توانای ئەفسەرانی پۆلیس و دادوەران لەکاتی لێکۆڵینەوە لەبواری تاواندا.

3-بەرەو پێش بردنی ستراتیجیەت و هاوکاری بەکردار لەنێوان لایەنە جیاوەزەکانی سیستەمی دادوەری و تاوانکاری (الجنائی) بەتایبەتی پۆلیسو دادوەرو چاککەری کۆمەڵایەتی.

4-بەرەو پێش چوون و گۆرینەوەی زانیاری لەنیوانْ ئەوانەی بریاردەرن لەسەر ئاستی ناوەندی و ناوچەییواتە هەم ئاهەنگی لەنێوان هەرسێ وەزارەتی (دادو ناوخۆو کارو کارو باری کۆمەڵایەتی).

5-چالاك کردنی بەردەوام و بەکردار بۆ فێربوون وە توانای دروست کردن و بنیاتنان.

لەگرنگترین بابەتەکانی خولەکە

1-دادوەری و مافی مرۆڤ وە بۆچوونی دادگای ئەوروپی دەربارەی مافی مرۆڤ وە هاوکاری لەنێوان پۆلیسی نیشتمانی و هاوکاری نیودەوڵەتی وە هاوکاری نێوان دادگای پۆلیس.

2- وەبەڕێوەبردنی کارەساتی لەناکاو لەلایەن پۆلیسەوە و کۆنترۆل کردنی.

3-وەبەڕێوەبردن و سەرکردایەتی کردن.

4-وە بەڕێوەبردنی کاری لێکۆڵینەوەی تاوان.

5-هاوکاری نێوان پۆلیسی گومرگ و سنووری دەوڵەتانی دراوسێ و هەم ئاهەنگی لەگەڵ یەکدا.

6-چونێتی کۆنترۆڵ کردن و سەرپەرشتی و چاودێری پۆلیس لەرێگای کامێرای چاودێری یەوە کە پۆلیس سەرپەرشتی دەکات.

7-چونێتی جێ بەجێ کردنی یاسای سزادان.

8-چونێتی دروست بوون و کارکردنی پۆلیسیئەنترپول (نێودەوڵەتی).

9-بەرێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی خۆپیشاندانی گەورە لەلایەن پۆلیسەوە.

10-سەرپەرشتی کردن و کۆنترۆل کردنی مانگرتنی بەندکراوەکان (لەناو بەندیخانەکاندا).

11-خۆئامادەکردنی پێش وەخت بۆ روودانی هەرکارەساتێکپێش رووداو ئامادەکردنی هێزی مۆریی.

12-چونێتی بەرپەرچ دانەوەی تیرۆرو ئیرهاب وەکو دیاردەیەکی نێودەوڵەتی کە ئێستا سەری هەڵداوە.

13-روونکردنەوەی گرنگیەکانی ڕێکخراوی شنگن (منظومة شنگن) لەنێوان وولاتانی ئەوروپاو ئەندامدا. کەلەگرنگترین بابەتەکان بوون کە تایبەتە بە گۆرینەوەی زانیاری دەرپارەی تاوانباران لەناو وولاتانی شنگندا وە سێ لایەنی گرنگ هەیە کەلە خولەکەدا تیشك دەخاتە سەری ئەویش (کارگێری و کرانەوە و هاوبەشکاری) ﴿الأدارة و الأنفتاح، و الشراکة﴾ بوون.

ڕێکخراوەی ئەنتربول (188) وولات ئەندامن تیایدا عێراقیش یەکێکە لەو وولاتانەی نوێنەری هەیە لە ئەنتربول.

ڕێکخراوی (شنگن) لەساڵی 1985 دامەزراوە وەساڵی 1995 چۆتە بواری ئیش کردنەوە تەنها هەردوو وولاتی بریتانیا و ئیرلەندا ئەندام نین لە (شنگن) لەرێگای یەکەیەکی کۆمپیوتەری یەوە یەکێتی ئەوروپابەیەکەوە دەبەستی بۆ نەهێشتنی تاوان واتە شەبەکەی هاوکاری پۆلیسە بنکەیەکی کۆکردنەوەی هەموو زانیاریەکانی هەیە کەهەر (15) دەوڵەتەکەی ئەندام زانیاری بۆ دەنێرێت دەربارەی کەسێکی گومان لێکراو زانیاری دەدەن بەیەکتر لەکاتی پێداویستیدا بەماوەیەکی کەم کەلەکات ژمێرێك تێ ناپەرێ.بۆ نموونە لەبنکەی بیانانی شنگن (17) هەزار بیانی هەیە کە گومان لێکراون لەئەوروپا وە نزیکەی(9) ملیۆن زیاتر ناسنامەو پاسپۆرتی دزراو هەیە لەبنکەی بیاناتی هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە شنگن پۆلیسی هەر وولاتێکی ئەندامی شنگن بۆی هەیە بچێتە وولاتەکەی تر بۆ دواکەوتن و گرتنی تاوانبارێك بۆ نموونە : پۆلیسی فەرەنسا (24) جار زیاتر چۆتە ناوخاکی سویسرا بۆگرتنی تاوانباران وە بۆ وولاتی ئیسپانیا (44) جار رۆیشتووە.

***نوێنەری وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ خولی کارگێری پێشکەوتوو لەوولاتی فەرەنسا**

دەوڵەت و دەسەڵات

م. عوسمان

لەسەردەمی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە لەناو کۆمەڵگادا لەهەر شوێنەو سنورێکدا، دەسەڵاتێکی خێڵایەتی یان یاسایی باڵا دەست بووە بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کاروباری ئەو کۆمەڵگایە یان ئەو خێڵ و عەشیرەتانە کەلەسەردەمی کۆنەوە تاکو ئەمرۆ درێژەی هەبووە تا ئەم سەردەمە هەرچەندە بەچەندین قۆناغی جیاجیادا ئەم دەسەڵاتە گوزەری کردوو تا ئەم سەردەمەی کە خۆمانی تیادا دەژین.

لەناو هەرکۆمەڵگەیەکی مەدەنی دا کە دەوڵەت پێك دێت هاوکاتە لەرووی پێگەیشتنەوە و زانینی لەرووی رۆشنبیری جەماوەر کەلەچ ئاستێکدایەو تێگەیشتنی لە رووی سیستەمی یاسا و بەرقەرار بونی کەلەگەڵ یاسا و ئەزمونەکانی دەوڵەت تێگەیشت و دەوڵەتیش زانی گەل و کۆمەڵگاکەی و تاکی کۆمەڵی لەسەر چ ئاستێکن و ژێرخانی باری ئابوری بەرنامەی بۆ بەخشتەو پلانی دەوڵەت بێگومان ئەو دەوڵەتە تا دێت بەهێزتر دەبێت. بەلام لە ولاتی ئێمەدا کە دەوڵەت بێئاگا بوو لە بنەمای ژێخان و باری رۆشنبیری و گەلێك کاری نابەجێی یاسایی و دژ بە مرۆڤایەتی سەری تیادا هەڵدەدات وەکو بێکاری و نەبونی شوێنی نیشتەجێ بوون، هەڵگرتنی کۆمەڵێك شیعاری رەنگاو رەنگ بێ ئەوەی کاری جدی بەو شیعارانە بکرێت و ئەو ململانێ نا شەریفانەی کەلە هەندێ تاکی دەسەلاتدارانی حکومەت و کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، گەل بەوردەکارییەوە دەروانێچ بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت کە ئایا بۆ یاساییەك نیە بۆ لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوە.

گەر چاوێك بە سیستمی دەوڵەتانی جیهاندا بگێرین دەبینین هەر لەسەرۆکی دەوڵەتەوە تاکو تاکی کۆمەڵ لە میزانەی دەوڵەت و دەسەڵاتدا بودجەیەکی تەرخان کراوی هەیە، گەر لەو بودجەیە زیاتر سنور بەزێنی بکات ئەوا یاسایەك هەیە کە دەڵێت (من این لك هذا) وە لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت.

بەڵام لێرەوە دەبینین کەکەمتەرخەمی و مشور نەخواردنی حکومەت گەیشتۆتە ئاقارێك کە حکومەت گەل و رەنجی گەلی لەبیر کردوە بەهۆی چەند کەسێکی هەل پەرست کە بەتاکی دەسەڵاتدارو تاکی کۆمەڵ دەژمێردرێت و هیچ لێپرسینەوەیەکیش لەلای گەلالە نەبووە. جا لێرەوە گەر حکومەت نەتوانێ کە کۆمەڵگەکەی هەڵبسەنگێنێت لەرووی باری ئابوری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە کە زەمەنەکەمان بە زەمەنی (عەولەمە) ناوزەد کراوە و شیعاری (دیموکراسی و مافی مرۆڤ و یاسا و فیدرالیەت) هەڵواسراوە. بەبێ کارکردن بۆ ئەو شیعارانە، هەر ئەم کەمتەرخەمیانە دەوڵەت دەبێتە هۆی رق ئەستوری خەڵك و بێزاری لەناو کۆمەڵگەدا و... قێز کردنەوە لەو دەسەڵاتەی حکومەت و بروانەهێنان بەکاربەدەستانی و لاواز کردنیو گۆرینی وە قۆستنەوەی ئاقارارەکانی بەلای دوژمنانی گەلەکەماندا بشکێتەوەو ئەو ئەزمونەش ناشیرین بکرێت.

هەڵۆکانی مێژوو و ئەمرۆ

حسێن خەلیفە محەممەد

سەختترین قۆناغی خەبات لە مێژووی خەباتی گەلی کورد قۆناغی دوای هەرەس بوو کەبەقۆناغی شۆرشی نوێی گەلەکەمان ناسراوەو لەساڵی 1976 تا 1991 بەردەوام بوو.

لەم قۆناغەدا بەعسیە فاشیەکان بەرنامەی قەتڵو عامو جینۆسایدی کوردیان کردە کارو ئامانجی خۆیان... لەبەرامبەریشدا رۆڵە بەئەمەکەکانی کوردستان، پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی رووبەرووی گەورەترین زاڵمو سەختترین دیکتاتۆری سەردەم بوونەوە.

سەدامو دامو دەستە زەندیقەکەی لەماوەی ساڵانی (1972-1976) دەستیانکرد بەدورخستنەوەی هەزار خێزانی فەیلی لە زیدی بابو باپیرانیانو هەروەها کیمیا بارانوئەنفالو زیندەبەچاڵ کردنی هەزارنی تر..

کێ هەیە مێژوی خوێناوی ساڵی 1974ی بیرچێت کە شاری هەڵەبجەو قەلادزێیان بۆمباران کردو سەدان هاووڵاتی کورد: پیرو ژنو مندالو خوێندکاری زانکۆیان کردە خۆراکی مەرامە نەگریسەکانیان؟

کێ هەیە ئەنفال کردنو زیندەبەچاڵ کردنی هەشت هەزار کوردی بارزانی لەساڵی 1983 لەبیر بچێت کە تەنها تاوانیان ئەوە بوو کورد بوون؟

کێ هەیە مێژووی خوێناوی (1987-1988) ی کوردستان بیرئەچێت کە تیایدا هەڵەبجەو قەرەداغو چەمی رێزانو دۆڵی جافایەتیو جەباری وشێخ وەسانانو بادینانی کیمایی باران کردو بەهەزار کوردیان شەهیدو بریندار کرد زیندەبەچاڵ کردو لە گۆری بەکۆمەڵیان نان.

سەرەرای زوڵمو زۆری رژێم شۆرش هەرلەسەر پێ قایم قایم وەستاو پێشمەرگەش وارسی شەرعی خەڵ:ی کوردستان بوو، بەعسیەکانو سوپای رژێمیش بەسێدارەو کوشتن وەلامی جەماوەریان ئەدایەوە، وەك خۆپیشاندانە جەماوەریەکەی 12\13\5/ 1987ی دەشتی شارەزوور بەتایبەتی سیروانو هەڵەبجەو خورماڵو سەید سادق کە رژێو لە وەلامیئەو خۆپیشاندانەداهەلسا بەدەستگیر کردنی (58) هاووڵاتی دەڤەری شارەزوور لەسەر کێڵگەکانیان و پاشان لە هەردوو سەربازگەی بامۆكو شانەدەر زیندە بەچاڵ کرالەچەندین ناوچەوشارو شارۆچکەی تریش راپەرینو خۆپیشاندان سەریان هەڵداو رژێم بەئاگرو ئاسن دایدەمرکاندنەوە.

ئەو ساڵانە قۆناغێکی زۆر سەختی خەبات بووحکومەتی بەعس نزیکەی (4500) گوندی کوردستانی وێران کرد باخ و کێڵگە کشتوکاڵیەکانی رووخاندو سوتاند نزیکەی30 قەزاو ناحیەیلەنێو بردو پرۆسەی بەعەرەب کردنو راگواستنو بەبەعسی کردنئەنجامدا، ئەو دەمانە کورد بێ پشتو پەنا بوو بێ کەس بوو، دۆستی دڵسۆزو راستەقینەی نەبوو...

ئەم قۆناغەی سەختەی شۆرشو خەبات بەسەر چووتا گەیشتە راپەرینە مەزنەکەی 1991 وەرچەرخانێکی نوێبوولە خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان کە میللەتەکانیلە زوڵمو زۆرو ژێر دەستەیی رزگارکردو کوردبووە خاوەنی پەرلەمانی خۆی، لە مانگی 5/1992. هەروەها دروستکردنی حکومەتو دامەزراندنیسوپای کوردستانو دواتریش لە 2003 بۆ یەکجاری رژێمی بەعسیان روخاند بەهاوکاری هاوپەیمانان.

دەستگیر کردنی سەدامو دادگایی کردنی لەلایەن پارێزەرێکی کورد، هەروەها بوونی پێشمەرگەیەکی شۆرشگێری کوردستان بەسەرەك کۆمارو پێشمەرگەیەکی شۆرشگێری کوردستان بەسەرۆکی هەرێم وە بوونی دەیان ئەندام پەرلەمانو چەندین وەزیری کورد لەدەسەڵاتی مەرکەزی ئەمانە هەمووی باری رەنجی شەهیدانو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بوون کە تەمەنی جوانی خۆیان کردە قوربانی میللەتەکەیان وەك چرایەکی گەش شەوەزەنگو تاریکی وولاتیان رەواندەوەو لەزۆرینەی مافەکانمان نزیکیان کردینەوە..

تەنها نامەکەی سەدام بەسە ؟

ئاوات کۆکەیی

هەنووکە دادگایی کردنی سەرانی بەعس لە سەر تاوانی ئەنفال بەرێوە دەچێت، لە گەڵ ئەوەشدا کە زۆرترین شایەتحاڵ و نوسراو و کاسێتی دۆکومێنتی لەو بارەیەوە روو بەر روویان دەکرێتەوە "، بەڵام سەدام و پارێزەرەکانی بە سوود وەرگرتن لەو کەشە ئازادەی بۆیان رەخساوە دەیانەوێ یارییە دۆراوەکانی مەسەلەی دووجەیل دووبارە بکەنەوە و وا دەزانن فاولیش بکەن گۆڵەکەیان بۆ حساب دەکرێت !

ئەوان گەرەکیانە بە هانەی شەرعی و یاسایی بۆ کارەکانیان بهۆننەوە و وای لە قەڵەم بدەن کە لە هەردوو روانگەکەوە رێپێدراو بوون ئەو کردەوانە ئەنجام بدەن، چونکە بە بۆچوونی درۆینەیان، لە بەرامبەر دوژمنانی دەرەکی و ناوخۆییاندا، بەرگریان لە وولات کردووە.

بەلام بە بێئەوەی هەستی پێ بکەن و دانی پێدا بنێن کە هەر خودی رژێمەکەیان لە بنەرەتەوە موخالیف بووە، چونکە بە کودەتا هاتبووە سەر حوکم و دوور لە خواستی خەڵك و بە سیناریۆی ساختەی بەدەستهێنانی رێژەی زیاتری 99 % ی دەنگەکان درێژەیان بە دەسەڵاتی خۆیان داوە.

بەڵگەی تاونباری ئەو رژێمە هێندە زۆرە کە نەك پێویستیان بە روون کردنەوە و پشتراست کردنەوە نیە بەڵکو مایەی خەفەتیشە کە ناتوانرێت زیاد لە جارێك پەتی سێدارە لە ملی سەدام بکرێت.

وەك وتمان ئەگەر بۆ کوشتنی راستەو خۆ و سێدارەو شوێن بزر کردنی هەزاران کوری گەنجی کوردەواری قسەیەکیان هەبێت، بەو هەزاران ژن و منال و پەککەوتانەی کوشتیانن، بڵێن کەس و کاری پێشمەرگە بوون (کە ئەگەر واشبێت مافی ئەو کۆمەڵ کوژییەیان نیە) ئەدی بۆ کوشتنی منالەکانی عاسی موستەفا سەدام دەڵێ چی؟

لەراستیدا ئەگەر سەدام و هاورێکانی هیچ تاوانێکی تریشیان نەکردبێت، ئەوا بە تەنها ئەو رووداوە بەسە بۆ سەپاندنی قورسترین سزا بە سەریاندا، چونکە چوار کەسی بێتاوانیان کوشتووە، کە ئەوان نەك کەسوکاری پێشمەرگە نەبوون، بەڵکو خێزان و منالی سەربازێکی سەدام بون و لە پێناو ئەویشدا باوکیان دیل و شوێن بزر بووە (عاسی مستەفا) خەڵکی چەمچەماڵەو لە شەری عێراق - ئێران دا سەربازی سوپای عێراق بووە، رۆژی 1982/3/27 لە لایەن سوپای ئێرانەوە بە دیل دەگیرێت و رۆژی 8/24/ 1990 بە بریاری گۆرینەوەی دیلی جەنگی نێوان هەردوو وولات دوای هەشت ساڵ دیلیەتی لە پێناو سەدامدا، دەگەرێتەوە بۆ عێراق.

پاشان کەدێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی، بۆی روونەبێتەوە، کاتێك دیل بووە سەرجەم خێزانەکەی لە لایەن ئەو سوپایەی خۆی تیایدا سەرباز بووە ئەنفال کراون، بۆیە لە ناچاریدا ئەم نامەیە بۆ سەدام حوسێن دەنوسێت : بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە، سەرۆکی فەرماندە و شکۆ دار - سەدام حوسێن (خوا بیپارێزێت) سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی بەرێز، هەڤاڵی تێکۆشەر، دەست رێز و نەوازشت بۆ بەسنگەوە دەگرم و وەك هاوولاتیەکی دڵسۆز لە رێگەتدا خۆم بەخت دەکەم.

بە ناوی داد پەرستی بەعسیەوە تکات لێ دەکەم گوێ لە دەردو مەینەتیم بگرە، کەوا شەو و رۆژ خەوی لێزراندوم، لەبەر ئەوەی هیچ هیوایەکم نەماوە و لە ئێوە بەو لاوە کەسی دیکەم نیە پەنای بۆ ببەم، وا ئەم کێشەیەم دەخەمە بەردەمتان کە رەنگە پەیوەندییەکی پێتانەوە هەبێت. گەورەم : . من کە لە خوارەوە ئیمزام کردووە ناوم (عاسی مستەفا ئەحمەد) ە سەربازی یەدەگم و لە دایك بوی 1955 م ، لە 24 ی ئابی 1990 دا وەك دیلێکی جەنگ گەرامەوە.

من لە شەری قادسیەی سەدامی شکۆدار دا لە کەرتی شوش بەشداریم کردووە لە 27 ی مارتی 1982دا بە دیل گیراوم و بە بەندی ماومەوە تا ئەو رۆژەی بریاری دیلی جەنگ گۆرینەوە دەرچوو. پاشان گەرامەوە بۆ خاکی نیشتیمان و خۆڵی نیشتیمانی دایکم ماچکرد و لە بەردەم وێنەی سەرکردەی سەرکەوتوماندا سەرۆك سەدام حوسێن کرنوشم برد، لە دڵی خۆشمدا هەستم بە پەرۆشیەکی بێپایان دەکرد بۆ ئەوەی بگەرێمەوە لای خێزانەکەم..... چەند ئەوان شا گەشکە دەبوون بە بینینم و چەندە منیش خۆشحاڵ دەبووم بە دیدار یان و هەمووان نوقمی خۆشی و شادیەك دەبووین ئەو سەری نەبێتەوە لە باس کردن نەیەت.. بەڵام وانەبوو هاتمەوە ناو ماڵی چۆل و هۆڵ، ژنەکەم و منالەکانم لە وێ نەبوون. ئای کەچ بەلایەك بوو! ئای کەچ دەردو زوخاوێك بوو ! پێیان ووتم :.تەواوی خێزانەکەم کەوتوونەتە بەردەستی هێزەکانی ئەنفال لە عەمەلیاتی ئەنفالدا کەوا لە ناوچەی باکووردا بەرێوە چووە بە فەرماندەیی هەڤاڵ عەلی حەسەن مەجید. من هیچ لە بارەی چارەنوسیانەوە نازانم، کەسانی خێزانەکەم ئەمانە بوون: عەزیمە عەلی لەدایکبوی 1955 خێزانمە - چرۆ عاسی 1979 کچمە- فەرەیدون عاسی 1981 کورمە- رووخۆش عاسی 1982 کچمە.

بەم جۆرە ئەم داواکاریەم دەخەمە بەردەستان و ئومێد دەکەم بەزەییتان پێمدا بێتەوە و لە بارەی چارەنوسیانەوە ئاگادارم بکەنەوە. داواکارم لە خوا سەرکەوتن و پارێزگاریتان پێرەوا ببینێ و لە منیشەوە سوپاس و رێز. ئیمزا -دیلی جارانی جەنگ -سەربازی یەدەگ عاسی مستەفا ئەحمەد، بێماڵ و بێداڵدە لەسلێمانی/ چەمچەماڵ/ گەرەکی بێ کەس/ مزگەوتی حاجی ئیبراهیم، 4 ی تشرینی یەکەمی 1990.

سەدامیش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی دەداتەوە :.

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. کۆماری عێراق، دیوانی سەرۆکایەتی - ژمارە ش 4 / ب 4 / 16565 -رۆژ 29/تشرینی یەکەمی 1990. بەرێز عاسی مستەفا ئەحمەد، پارێزگای سلێمانی - قەزای چەمچەماڵ - گەرەکی بێ کەس - مزگەوتی حاجی ئیبراهیم. ئاماژە بە بەزەیی نامەکەت لە 4 ی تشرینی یەکەمدا، ژنەکەت و منالەکانت لە سەردەمی عەمەلیاتی ئەنفالدا، کەوا ساڵی 1988 لە ناوچەی باکووردا ئەنجام درا، ونبوون، ئیمزا - دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار.

لێرەداو بە پێی ئەو دوو نامەیە کە یەکێکیان هی سەدام خۆیەتی، بە روونی و بێپێچو پەنا دەردەکەوێ چوار کەسی بێتاوان و بێ سەرپەرشتیار لە ناو چوون کە یەکێکیان ژنە داماوەکەی عاسی یەو ئەوانی تریش منالانی تەمەن (9) (7) (6) ساڵانن، کەتەمەنی هیچیان نەگەیشتۆتە ئەوەی پێشمەرگە و چەکداری دژی رژێم بن، یان ببنە پێش لەشکری سوپایەکی دەرکی، وەك ئەوەی سەرانی بەعس پاساوی تاوەنەکانیان بەم قسەیە دەدەنەوە.

کاتێکیش سەدام وەڵامی سەرۆکی ئەم خێزانە دەداتەوە، بە شێوەیەکی لا موبالات و خوێن ساردیەکەوە دەنوسێت :. لە عەمەلیاتی ئەنفالدا وون بوون !!؟

بۆیە پێویستە بە تەنها لە سەر ئەم نامەیە فایلی تایبەت بۆ سەدام بکرێتەوە و لێ بپرسن :. ئەنفال دژی کێ کرا ؟ ئەگەر بۆ بەر قەرار بوونی ئاسایش و دژی نەیارەکانت کرا، خۆ ئەو چوار کەسە مایەی تێك دانی ئاسایشی وولاتەکەی تۆ نەبوون و خێزانی کەسێکی بێ سەر و شوێن و منالی سەربازێکی سوپای خۆت بوون ! تۆ دەبوو لە جێ ی هەموو کەسیان بویتایە و قەرەبووت بکردنایەتەوە.

---

* دەقی نامەکان لەژمارە (4054)ی رۆژی چوارشەممە 8/23ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ وەرگیراون.